# ڕۆڵی وشەپرسەکان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا

**لوقمان رەئوف عەلی**

بەشی کارگێڕی کار، پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە قسەکردنە لەسەر پرسین و  پرسیار کە لەڕێگەی وشە پرسەکان، یان نیشانە پرسەکانەوە لەناو دەقی شیعرییدا کراون، بە هەموو پێکهاتە و واتا و وێنە .....تاد وەک بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو لە شیعر، چونکە ئەو پرسیارانەی لەدەقی شیعرییدا سەرچاوەدەگرن، چەندین ڕوانین و وەڵامیان هەیە، بەو مانایەی هەندێک کات پێویستیان بە بەڵێ، یان نەخێر بێت، یان زیاتر لە یەک بەڵێ، یان لە ڕووی شیعرییەوە و بەبێ وەڵامێکی دیاریکراو، ئاماژەن بەڕووی ئاسۆیەکی فراواندا دەکرێنەوە، یان پێویستیان بە لێکدانەوەو راڤەو......تاد هەیە، وەک وەڵام و مەبەست .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین شیعرییەتی ئەم وشەو نیشانە پرسانەو کاریگەرییەکانیان لەسەر پێکهاتەو گرنگییان دەستنیشان بکەین، بەمانایەکی تر لە شیعرییەتی ئەو ئامرازە جۆربەجۆرانەی پرسیارکردن دەکۆڵینەوە، کە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بەکارهاتوون، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم لێکۆڵینەوەیە کار لەسەر نیشانەی پرس و وشە پرسە جۆراوجۆرەکان دەکات لە شیعرەکانی شاعیردا بەکارهاتوون، بەو پێیەی بەشێکی سەرەکی دەقەکانن و بوونەتە بنەمایەکی ئیستانیکی و گەیاندنی پەیامە سەرەکیەکەی دەقەکە، ئەمە جگە لە لادان ماناو ڕێساکانی زمان.

**کلیلە ووشەکان-** پرسیار، پرس، شیعر، شاعیر، وشە.

## پێشەکی:

پرسیاری شیعریی لەم سەردەمەی ئێستادا، یەکێکە لەو پرسیارە گرنگ و داهێنەرانەی، کە تا ئێستاش ڕۆڵ و کاریگەری و جێکەوتی لەسەر خوێنەرو بیسەری هەیە و یەکێکیشە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەدواداچوونی مەبەستەکە، هەر بۆیە کاتێک لە مارکێزیان پرسی "بۆچی لە وڵاتێکی پڕ لە قەیرانی ئابوری و هەژاریدا دەژیت، کەچی لەسەر هەژاران و کێشەکانیان نانووسیت؟" مارکیز لەوەڵامدا وتی، بۆچی لەسەر ئازارەکانی هەژاران بنووسم، لە کاتێکدا ئەوان لە من باشتر دەزانن؟! ئەرکی من ئەوەیە کە هەندێک چێژ و جوانی پێشکەشی بکەم، ئەگەر ڕێگەی پێبدرێت من بخوێنێتەوە!( مارکیز، ١٩٨٤، ٧) بەم مانا زۆر سادە و لە هەمانکاتدا قووڵە، کورتەیەک لە ڕۆڵی ئەدەب و ڕۆمانەکەی خستەڕوو، بۆ هەر شاعیرێکی نوێ و هاوچەرخی کوردیش هەمان پرسیار رەوایە، لەکاتێکدا شێرکۆ لە کارەساتی ئەنفالدا بەپێچەوانەی ئەمەوە کردی و ئەوەی کە ئەوان نەیانتوانی بیناسێنن، شێرکۆ بە وێنە و پرسیاری شیعریی زۆر بەوردی و واقیعی ئەنفالی ناساند، کەواتە ئەو بابەتانە چین، کە ئەمڕۆ شیعری کوردی لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن، دەتوانێت بینووسێت، شاعیر زۆر هەوڵیداوە وێناو خوێندنەوە بۆ واقیع و ئەو کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتون بخاتەڕوو.

شیعر تەنها هەڵگری پرسێک نییە، بەڵکو شیعر جیابوونەوەشە لە واقیع، ئایا قسەکردن لەسەر تەنیایی و ترس و نامۆبوون و گۆشەگیری و خۆشەویستی....تاد، پرسێکی بنەڕەتی نییە؟! ئایا گواستنەوەی واقیع بۆ دەقی شیعریی، شاعیر دەکاتە خاوەنی کەیسێک؟ ئایا کاتێک بە کۆت و پەژارە و ترس و ستەمەوە بەستراوین، قسەکردن لەسەر ئازادی، کەسەکە دەکاتە شاعیری پرسەکان؟! یاخود بۆچی شیعر دەبێت قسە لەسەر هۆکارەکان بکات، لەبری خوێندنەوەی جوانی و هیومانستییەکان؟!

لەم توێژینەوەیەشدا کار لەسەر ئەو هەوڵانەی شاعیر دەکەین کە لەڕێگەی وشە پرسە جیاوازەکانەوە کاری لەسەر هەم پرسیار، هەم وەڵامدانەوەی  دۆزە جیاوزەکان کردووە، چ لەکاتی خۆی، یان ئێستا، یان لە ئایندەدا وەڵامبدرێنەوە.

## بەشی یەکەم:
## چەمک و پێناسەی پرسیار

پرسیار بە لاتینی (quaestion)، لە ئینگلیزی(question) واتە پرسین، یان داواکردنی زانیاری، یان ئەوەی بەرەو زانیاریت دەبات، هەر بۆیە پرسیار گرنگترین ئامرازی زانست و زانیاری و هۆکاری گەیشتنە ڕاستییە، لەفەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا "وشەی پرس، پرسیار بۆ شتێکە کە وەڵامی دەوێت "(هەژار،1369، 136)، کەواتە پرسیار لە شیعردا ئەو کەشە گوزارشتیەیە، کە ڕوانین لەسەر پرسەکان و بوون و کات و .....تاد دروستدەکات، لەم بارەوە سارتەر دەڵێت:(پرسیار جۆرێکە لە پێشبینی)( سارتر،1966: 51)، پرسیار و پێشبینیش بەشێکی سەرەکین لە شیعریەت، هایدگەر پێیوایە شیعر (بونیادنانە بەوتە لەوتەدا، لای مالارمێ زمانی باڵایە، لای یاکۆبسن گەورەی وتەکانە (سید الکلام) (بنیس١٩٨٨ :٢٣)، سەبارەت بە پرسیاریش ئەبو هیلالی عەسکەری دەڵێت"پرسیار(استفهام)  داواکارییەکە بۆ تێگەیشتن لە شتێک تۆ نایزانیت، یان گومانت لێی هەیە.( العسكري، ،١٩٥٢: ٤٨) ئەمەش بەو مانایەیە کە پرسیارەکە دەبێت وەڵامی هەبێت، بەڵام پرسیارەکە دەکرێت پەیوەست بکرێت بە وەڵامێکەوە و دەشێت بێ وەڵام بێت، بەو مانایەی لەئێستادا وەڵامێکی یەکلاییکەرەوەی نەبێت.

ابن فارس دەڵێت"پرسیار واتە پرسین لە شتێک لەلایەن کەسێکەوە،( الرازي، ١٩٧٩ :٥٠١) یاخود (پرسیارکەر بەزۆری داوای شت دەکات تاوەکو پێداویستی پڕ

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp228-238
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 5 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 7 كانون الأول 2025 ؛ نُشرت في 13 آب 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : luqman.ali@kti.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2026 لوقمان رەئوف عەلی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بکاتەوە. (الفراهیدی، 7/301،pdf)، یاخود(پرسیار بریتییە لە داواکردنی مەعریفە)( الأصفهانی١٤١٢ :٤٣٧)، یاخود پرسیار بریتییە لە وروژاندنی عەقڵی سنوردارو کورت و روون، بەهۆیەوە وەڵامی ڕاستەوخۆ وەردەگیرێتەوە(الهویدی ، ٢٠٠٥: ٧٨)، یان (بریتییە لەوەی کە پرسیارکەر داوای لە پرسیارلێکراو دەکات ئەو شتەی پێبدات، کە لەمێشکی ئەمدا نییە)( الكفوي،د.ت، ٩٧)، یاخود پرسیار ڕستەیەکە بە وشەیەکی پرس دەستپێدەکات و ئاڕاستەی کەسێک دەکرێت، لەپێناو وەرگرتنی زانیاریەکی دیاریکراو)(زیتون، ٢٠٠٣: ٤٦٨) سەبارەت بە کارامەیی پرسیاریش (کۆمەڵێك میکانیزمە، کە مامۆستا دەیگرێتەبەر لەکاتی فێربووندا)(زیتون، ٢٠٠٣: ٤٦٨)، کەواتە پرسیار داواکردنی زانیارییە کە لە دەرەوەی مێشکدایە.

بەم پێیەش بێت دەبێت پرسیار لە شتێک بکرێت کە نەزانرێت، بەڵام مەرج نییە هەمووکات پرسیار بۆ نەزانین بکرێت، بەتایبەتی لای شاعیرەکان، بەڵکو پرسیار بۆ خستنەڕووی دۆزەکان و هێنانەوە یادی ڕووداوەکان و هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی هەڵەو کەموکەرتییەکان و.......تاد بەکاردەهێنرێت، بۆیە خودی پرسیار، یان بەکارهێنانی ئامراز، یان وشە پرسەکان لە دەقی شیعرییدا لادانە لە بنچینەو بنەمای زمان، لەپێناو هێنانەدی دەلالەتێکی نوێ و تیترۆلۆژیا(غایە)، جگەلەمەش هەندێکجار پرسیار بووەتە گرێیەکی دەروونی لای شاعیر، بەهۆی قەیرانە جۆربەجۆرەکانی حکومڕانیەوە، ئەمەش وادەکات لەناخی شاعیردا گرفت دروستبکات، چونکە(کۆمەڵێک حەز و خواست و بیرو.....تاد لەناخی خوددا پەنگ دەخواتەوە و بەهۆی نەگونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخەکە)(زیدان، ١٩٧٩: ١٦١)، لەبەرئەوەی پرسیارەکان وا لە شاعیر دەکەن لەناخی خۆیدا لەبارەی جیهانی دەرەوە بیانکات، بۆیە لەڕوانگەی خودەوە لەڕووداوی دەرەوە دەپرسێت، یان بەهۆی دابڕانی لە دەوروبەر دەپرسێت، لەبەرئەوە زۆرجار پرسیارەکان لای شاعیر بریتین لە پرسیاری ململانێی ناوخۆیی، یان ناخۆ و ڕووداوی واقیعی.

پرسیار لە شیعری شاعیر دا ئەو گوزارشتە فراوانەیە، کە لە بەرامبەر بوون و کات و شوێن و هۆکارو...تاد بە شێوەی پرسیار، یان پرسیاری سەرسوڕمانی، یان دڵەڕاوکێ دەخاتەڕوو، بۆیە پرسیار، دیاردەیەکی هونەری و تەکنیکی مرۆییە و بووەتە تۆڕی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆی هێماکانی ناو دەقەکانی، ئەمەش زۆرجار لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پرسیار هۆکاری بەرەنگاری و داواکاری و خستنەرووی ڕاستییەکانە، جگەلەمەش شیعر لای شێرکۆ بریتییە لە( خودی پرسیار) (ڕەئوف،2023، 44)، چونکە شیعر گەڕانە بەدوای ژیان و ناسینیدا، لەبەرئەوەی پێکهاتەی کۆنتێکستی زمان لە ئەزموونی کۆمەڵایەتییەکەدا بەش بەشە، یان قسەی ڕۆژانەو بیرەو ئامانج و مەبەستەکە دەخرێتەڕوو، هەر لەبەرئەمەش پرسیار بەپێی جۆریەتی و ئاست و پێگەکانی پێناسەکەی، یان ڕوانین و خستنەڕووەکەی دەگۆڕێت، بۆیە پرسیار بریتییە لە داواکردنێک لە خوارەوە بۆ سەرەوە، یان شێوازێکە لەپێناو دەستکەوتنی زانیاری و زانین بەکاردەهێنرێت، یاخود ڕێگەیەکە، یان کلیلێکە بۆ بەدەستهێنان، یان گەیشتنە وەڵام.

## پرسیاری شیعریی

پرسیاری شیعریی چییە؟ لە کوێ و لە چیدایە؟ ئایا لە خودی پرسیارەکەدایە بە هەموو پێکهاتە و واتاکانییەوە، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی شیعریی و میکانیزمەکەی، کە بەشدارن لە پێکهێنانی دەقی شیعرییدا، یان لەئاشکراکردنی ئەو شیعرییەتە شاراوەیەی کە لە دەقەکەدا بوونی هەیە؟ لەم سۆنگەوە پرسیار تیرێکە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێت، هەموو تیرێکیش دەبێت ئامانجەکە، یان کرۆکی ئامانجەکە بپێکێت، ئیدی بە روانگە فەلسەفیەکە بێت، یان زانستیەکە، یان هەر ڕێگەو میکانیزمێکی تر، بەڵام ئەوەندە هەیە، پرسیار لە شیعردا، بوونی قورسترو گەورەترە لەو ناسنامەیەی کە بەدوای زانینیدا دەگەڕێت، ئەگەرچی لە ویژدانەوە بێت و مەعریفەیەکی سۆزداریشی هەبێت، لەگەڵ ئەوە لێی تێدەگەین، بەڵام ناتوانین بینووسین، چونکە پارچە پارچە و قووڵە.

پرسیاری شیعریی لەدەقە شیعریەکانی شاعیردا تەنها بریتی نییە لە بەنیشانە بوونی نیشانەی پرسیار و دەرخستنی پرسیارەکە، چونکە پرسیار زۆر لەوە فراوانتر و کراوەترەو ئاسۆیەکی فراوانی لای خوێنەر و دەقەکە دروستدەکات، بەمانایەکی تر پرسیار تەنها بریتی نییە لە پرسیارکردن، ئەوەندەی بریتیە لە گەیاندنی زانیاری، یان وەرگرتنی زانیاری، بۆیە ئەو پرسیارەی کە وەڵامەکەی نەزانراوە لەلایەن پرسیارکەرەوە دەبێت و پێویستە وەڵامی بدرێتەوە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە شاعیر دەیکات، چەند لایەنێکی هەیەو دەشێ وەڵام بدرێتەوە یان نا، لەوانەشە وەڵامەکەی لەڕێگەی شیعریەتی دەقەکەوە بداتەوە.

پەیوەندی پرسیار بەشیعرەوە، پەیوەندی بەبەردەوامی و زیندویەتیەوە هەیە، چونکە یەکێکە لە کارنامە گرنگەکانی شیعر، دروستکردنی پرسیار، یان وروژاندنی شتەکەیە، ئەمەش ئەو جێکەوتە لای خوێنەر دروستدەکات، کە لەپرسیارەکە دەگات، ئیدی پرسیارە لە بوون، لە ژیان و کار لە ئامادەو نائامادە، سیاسەت، لایەنی کۆمەڵایەتی......تاد، کەواتە خودی شیعر هەمووی پرسیارە لە قاڵبی شیعریەتدا.

شیعر پێکهاتووە لە وشە، بەڵام لەڕوانگەو ناخی شاعیرەوە دروستکراوە، بۆیە هەر وشەیەک ماناو مەبەستێکی تێدا شادراوەتەوە، بۆیە وشەکان وێنەو کۆدو ئاماژەو.......تاد دەگەیەنن، بەمانایەتی تر لە خۆوە بەکارنەهاتوون، بۆیە هەریەکەیان مانەیەک هەڵدەگرن و پوختەیەک لە ئەزموون و کارامەیی شاعیر نیشاندەدەن، کەواتە بەوشە پێناسەی شاعیر دەکرێت و بڕیار لەسەر سەرکەوتن و شکست دەدرێت، چونکە بە وشەیش کارەکە دەکرێت و کاریگەری لەسەر ئەنجام دەبێت، هەربۆیە لە ڕابردوودا و لەشەڕەکاندا وشە شمشێرێکی جەرگبڕبووە، لەئاشتیشدا ئاوازێکی خەمڕەوێن، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە وشەکان ئەو نهێنییەن، کە دڵەکان بەبێ ئەو ناکرێنەوەو نەرم نابن.

پرسیار لە شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، بریتییە لە پرسیاری شیعریی و داهێنانی و سیاسی و.....تاد، بەشێک لەم پرسیارانەش بەتایبەتی ئەوانەی دەچنە خانەی خەبات و سیاسەتەوە، زیاتر خودی شاعیر بێزار دەکەن وەک لەخوێنەرەکەی، بەهۆی چەند بارەبوونەوەو کەمتەرخەمی و .... تاد، بەجۆرێک زۆرجار ئەو باسانەی کە بوونەتە چەقی شیعریی پرسیاری شاعیر، بابەتی سەرەکی و گرنگی کۆمەڵگەن و خوێنەر بەزوویی بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن.

لەلایەکی ترەوە لای شێرکۆ خودی شیعر پرسیارە، چ وەک شیعرەکە خۆی، چ وەک بەکارهێنانی ئامرازەکانی پرس، یان وشە پرسەکان، ئەمەش ڕوانینێکی گشتی بەسەر دیوانەکاندا ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەردەکەوێت، بەڵام لەهەموو شتێک گرنگتر لەناو ئەمەدا، بریتییە لە توانستی شاعیر بۆ دروستکردنی پرسیاری سەرەکی و کرۆکی و مەبەستداری خوێنەر، یان هاووڵاتی، ئەگەرچی ئەم پرسیارانەش بە نیشانەی پرسیار، یان سیفاتی لێپرسینەوە ڕوون نەکراونەتەوە، بەڵام یەکێک لە گرنگترین پرسەکانی شیعر و دروستکردنی پرسیار، یان هاندانی بۆ درێژەدان بە حاڵەتێکی سەرسوڕمان لە مرۆڤدا، سەبارەت بە نادیار و نهێنییەکانی گەردوون، بۆیە ڕەنگە شیعرێک، یان ئەزموونێکی شیعریی، کاریگەری لەسەر وەرگرەکە بەجێبهێڵێت، بەو شتەی کە وەک پرسیارێک وایە لەبوون، یان لە نەبوون، یان لە ئامادەبوون و نەبوونیدا و شاعیر

بەردەوام بووە لە هەوڵەکانی بۆ گەڕان بەدوای ڕاستییەکان، یان ڕکابەریکردن لەگەڵ شتەکاندا لە پرسیارکردنیان دەربارەی توانا و چارەنووسەکانیان، هەر بۆیە شیعر نیشانەیەکی پرسیارەو هانی خوێنەر دەدات بۆ گەڕان بەدوای وەڵام، یان بۆ گەڕان بەدوای پرسیاریشدا.

پرسیاری شیعریی لەگەڵ بوونی یەکەم دەقی شیعریدا، بەشێک بووە لە دەقەکە و هەرگیز پرسیار نەیتوانیوە لەشیعر جیابێتەوە، چونکە خودی شیعر بریتییە لە پرسیار، بەڵام لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە، لە شاعیرێک بۆ شاعیرێکی تر بەرزونزمی، بەهێزی و لاوازی بەخۆوە بینیوەو بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئاینی.....تاد، ئەم جیاکارییەی دروستکردووە.

هەرچەندە پرسیار لە شیعردا فۆرمی زۆری هەیە، بەوەی جارێک پرسیارێکی بوونگەراییە، واتە پرسیارێکە سەبارەت بە بوون و جارێکی تریش سەبارەت بە ئاین یان شوێن...هتد، پێوەندی پرسیار لەگەڵ شیعردا پەیوەندییەکی هەمیشەییە، بەو مانایەی لەگەڵ شیعردا لەدایکبووەو بەردەوامیش لەگەڵیدا دەبێت، شیعر بە سوود وەرگرتن لە تەکنیک و پێکهاتە و.....تاد، پرسیار بووەتە بەشێک لە پێکهاتەی سەرەکی، بۆیە لەگەڵ لەدایکبوونی شیعردا پرسیار یەکێکە لە گرنگترین تەوەرە فیکری و مانا و فەلسەفییەکانی شیعر، یان ئەزموونی شیعریی و کاریگەری لەسەر وەرگر بەجێدەهێڵێت، ئیدی پرسیارەکە، پرسیارێک بێت سەبارەت بە بوون، نەبوون، بۆیە هەموو شاعیرێک بەپێی تواناو وێنای خۆی نیشانەی پرسیار بەکاردەهێنێت، لەپێناو دروستکردنی جێکەوت لەسەر وەرگر و هانی دەدات بۆ گەڕان بەدوای وەڵامدا، یان گەڕان بەدوای پرسیارێکی دی بە هەمان شێوە.

### خاسیەتی نیشانەو وشەپرسەکان

لەهەموو دەقێکدا چەند نیشانەیەک و کۆمەڵێک وشە هەن، کە ڕاستەوخۆ پرسیارەکە دەناسێنن، لەهەمانکاتیشدا بەرامبەر ناچاردەکەن بە وەڵامدانەوە، یان گەڕان بەدوای وەڵامەکاندا، بۆیە خودی ئەم وشە پرسانە، خاوەنی کۆمەڵێک خاسیەتن، لەوانە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی جۆری داواکارییەکە، هەربۆیە زۆرجار دەرگا لەسەر پرسیاری دوای خۆی دادەخات، جگەلەمەش بەکاردێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی کارێك، خاسیەتێك، کەسێك، شتێك....تاد، هەروەها زۆرجار لە پێش ڕستەکەوە دێن و هەندێك جاریش لەکۆتایی، هەندێك جار تۆن، یان ئاوازی دەربڕین دەتوانێت جێگەیان بگرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا وەڵامێکی فراوان لەمێشکی خوێنەردا دروستدەکەن، چونکەزۆرترین وەڵام لە وشەیەکی پرسدا دەخولقێنێت.

### ڕۆڵی وشە پرسەکان لەدەقەکانی شاعیردا

وشە پرسەکان، یان ئامرازەکانی پرسیارکردن ئەو وشانەن، کە پرسیار لەسەر ئەو شتانە دەکەن، کە پێویستە بزانرێن و ڕۆڵیان لەکایەکاندا هەیە و زۆرجار گۆڕانکاری و وەرچەرخانێک لە گرنگی دەقی شیعریدا دروستدەکەن، بۆیە ئەو پرسیارەی پەیوەستە بە ئامرازەکەوە، چەند ئاستێکی وەڵامیان هەیە، هەربۆیە ئەو پرسیارەی پێویستی بە بەڵێ یان نەخێر، یان زیاتر لە یەک بەڵێ هەیە، بە کراوەیی دەیهێڵێتەوە، لەبەرئەمەش هۆکاری وروژاندنی بیرن لای خوێنەران و لەخۆگری مەبەستە شاراوەکانی دەقەکانن، هەروەها کۆکردنەوەی واتاو مەبەستێکی زۆرە لە وشە پرسەکاندا، جگەلەمەش لەخۆگری وەڵامی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤە لەناو وشە پرسەکاندا، لەگەڵ ئەمانەشدا دەقەکە بەکراوەیی و بە هەمیشەیی دەهێڵێتەوە.

## بەشی دووەم:
## پرسیار لە شیعرەکانی شاعیردا

شێوازی پرس خۆی لە خۆیدا بەهایەکی ئیستاتیکی هەیەو لەڕێگەی ئەم ئیستاتیکیەشەوە دەق هەم بەهێز، هەم کاریگەر دەکات، بەهۆی ئەمەشەوە لەناو دەقەکانی شاعیردا بە شێوەیەکی فراوان و هەمەجۆر بەکارهاتووە، هانا بردی شاعیریش بۆ وشە پرسەکان، لەپێناو بەخشینی مانای ڕەوان و ئاماژەیی بەخوێنەر، چونکە دەتوانرێت بەچەندین شێوەو ئاڕاستەی جیاواز، لێکدانەوەی لەسەر بکرێت، هەر لەبەر ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر زانستی ماناو ماناناسی هەیە.

ئەو پرسیارانەی کە لەشیعری شاعیردا هەن و ئێمە هەمانە تەنها پرساندن(استفهام) نییە، بەڵکو پرسیارەکان وردتر و گشتگیرترە، چونکە بەڕووی ئاسۆیەکی فراوانتردا دەکرێنەوە، بەتایبەتی لە بواری شیعردا، پرسیار پێویستی بە بیرکردنەوە و وەڵامێک هەیەو لە پشت هەموو ئەم هەوڵانەوە، هێشتا ڕوونکردنەوەی ناڕوونییەکان، یان تیشک خستنە سەر هۆکارەکان کەلەناو پرسیارەکان، یان شێوازەکان، ئەنجامەکان و فۆرمەکانیاندا هەیەو پێویستە ڕوونکردنەوەی ئامانجدار بدات.

شاعیر ئەو شتانەی کە بە چاوی خۆی بینیویەتی، دەیەوێت تیشک بخاتە سەر حەقیقەتی شتەکە، بەمەبەستی پشتیوانیکردنی لە دۆزەکە، یان ناساندنی هۆکارەکەی، بۆیە لێرەدا پرسیار ئامرازی زانین و بەرگریکردنە، چونکە زۆرجار پرسیار یەکێکە لەو ئامرازە کاریگەرانەی کە ڕەهەندی جیاواز پێکدەهێنێت، بەم هۆیەشەوە نێرەر و وەرگر کۆدەکاتەوەو دەبێتە پردی پەیوەندی و گەیشتن بە هەواڵەکان.

### یەکەم: وشە پرسەکان و ڕۆڵیان لە شیعرەکانی شاعیردا

وشە پرسەکان ئەو وشانەن، کە بۆ پرسیارکردن و بەدەستهێنانی هەندێک زانیاری بەکاردێت، واتە وشە پرسەکان یارمەتی دیاریکردنی جۆری وەڵام دەدەن و وەڵامدەرەوە بەرەو پێشکەشکردنی زانیارییە داواکراوەکان ئاراستە دەکەن، جگەلەمەش یارمەتیدەرە بۆ پرسیارکردنی سادە و ڕاستەوخۆ، کە پێویستی بە وەڵامی کورت و ڕوون هەیە، هەروەها ئاسانکاری دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لە نێوان خوێنەرو دەقدا، هەربۆیە چەندین وشە پرس هەیە کە هەر یەکەیان بۆ جۆرێکی دیاریکراوی پرسیار بەکاردەهێنرێت و بریتین لە بنیادنانی داواکاری و داوای زانیاری لەسەر شتێك دەکەن، کە لای پرسکەر نەزانراوە، وشە پرسەکانیش لە زمانی کوردیدا بریتین لە:

**١-ئایا:**

وشەیەکی پرسە بۆ زانینی زانیاری بەکاردێت، ئیدی بەبەڵێ بێت یان نەخێر، یان وەرگرتنی ڕوونکردنەوەو زانیاری و وەڵامدانەوە، یاخود وشەیەکی پرسەو بە زۆری بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیاریەکە بەکاردێت و لە ناویشیاندا شتە پۆزەتیڤەکان، جگەلەمەش زۆر جار بە دوو وشەی (بەڵێ) و (نەخێر) وەڵامەکەی دەدرێتەوە، واتە بۆ یەکلایکردنەوەو بڕیاردانی کۆتایی دێت، ئیدی ڕستەی ئەرێ بێت یان نەرێ، یاخود بۆ پرسیارکردن لە ڕاستی، یان ڕوودانی شتێک بەکاردێت. بەزۆریش لە سەرەتای ڕستەوە دێت، بۆ ئەوەی زانیارییەک وەربگیرێت، هەربۆیە لەگەڵ کردار و ناوەکاندا بەکاردێت بۆ دروستکردنی پرسیار، یان وەک ئامرازێکی لێپرسینەوە بەکاردێت بۆ پرسیارکردن دەربارەی راستی یان بوونی شتێک، بۆیە لەو پرسیارانەدا بەکاردێت کە پێویستیان بە دووپاتکردنەوە یان ڕەتکردنەوە هەیە.

وشەی(ئایا) کەمترین جار لە کۆی دیوانەکانی شاعیردا بەکارهێنراوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە نیشانەی پرس(؟) جێگەی وشە پرسەکەی گرتووەتەوەو پەیامەکەی گەیاندووەو زۆرجاریش وشە، کێشە بۆ ریتم و مەرجەکانی شیعرەکە دروستدەکات، بۆیە بەکارینەهێناوە، ئەم وشە پرسەش بۆ چەند بەشێک بەکارهاتووە، لەوانە:

**١- پرسیارکردن دەربارەی ڕەوایەتی و سەرچاوەی زانیارییەکان:** مەبەست لەو پرسیارانەیە، کە شاعیر دەیکات لەبارەی ئەو شتانەی کە ڕەوایەتییان هەیە و هەڵگری زانیارییەکی ڕەوان، وەک دەڵێت:

وتم: ئایا پەپولەو گوڵ
قەت ئەمەیان لەیەک دەپرسی؟ بەرگی ٢٧/١

**٢- پرسیارکردن دەربارەی بوونی شتێک:**مەبەست لەو جۆرەیە، کە پرسیار لەسەر شتێک دەکات، لەپێناو دەسکەوتنی زانیاری لەبارەی شتەکەوە، وەک دەڵێت:

تۆ لەوانە گەڕێ!...واتە ئێستە ئازادیت؟
-تاڕادەیەک.بەڵام ئێستە برایەکم لێمبووە بە
ملۆزم...بەرگی١٣٩/٧

**٣-پرسیارکردن دەربارەی ڕووداوێک:** مەبەست لەو پرسیارانەیە، کە لەسەر ڕووداوێکی ڕاستەقینە ڕوویانداوەو خودی پرسیاریش بریتییە لە خستنەڕووی زانیاری و هۆکارەکان لەبەرگی پرسیاردا، وەک دەڵێت:

ئەی ئادەمییە بەفرینەکان!
لەکوێوە گەیشتنە ئەم لیواری سەعیرانە؟!
چ کاروان سەرایەکی دریژە ئەم دووکەڵی سەفەرانە؟!
ئەرێ هیچیان بیرنەچووە؟!
دڵۆپە فرمێسکێ؟
ئاخێکی نێو لۆچی تەمێ؟!
خۆزگەیەکی سیس
بارژنی ئاسکێ؟!
قسپەی کەوێ؟ق
هیچیان لەبیرنەچووە؟!..بەرگی١١٠/٦

**٤-پرسیارکردن دەربارەی ئەگەر یان توانا:** مەبەست لەو پرسیارانەن، کە لەبارەی تواناو ئاستی شاعیر دەکرێن، لەکاتێکدا پێشتر ئەمەی سەلماندووە، وەک دەڵێت:

لێم مەپرسە
ئەوە بۆ شیعر نانوسی؟
چونکە بۆ خۆشم نازانم
لەناو ڕۆحما
کەی ئەڕسکێن و شین ئەبن؟!..بەرگی ٤٤٧/٨

### ٢-پرس/ پرسیار:

ئەگەرچی ئەم وشەیە لە بنچینەدا ڕەگی کارە و لە چاوگی (پرسین) ەوە هاتوە، بۆیە ڕاستەوخۆ پرسێک دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەوەی بەوشەی پرس دانانرێن، بەڵام هەمان ڕۆڵی وشە پرسەکە دەگێڕێت و گوێگر دەزانێت دەزانن ڕستەکە داوای زانیار و هەواڵ دەکات، بۆ نموونە:

پرسیم: هەواڵ..؟
وتیان:هاوینی بێ شەماڵ
وتم:تو خوا ژیانەکەی؟
وتیان:تەڵخە ئاسمانەکەی
پرسیم: ئەی چێژی نانەکەی.... بەرگی یەکەم، ل٧٧

لێرە هەم خود، هەم وشەکە لەگەڵ ئەوەی داوای زانیاری دەکەن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا شاعیر وەڵامدەداتەوە، بەمەش دیالۆگێکی دروستکردووە، لەپێناو گەیاندنی ئەو مەبەستەی کە خەڵکی بەدوای وەڵامەکەوەیە.

یان : لێم ئەپرسیت
خەریکی چیت
دەنگ وباس و هەواڵ چۆنە؟
باخی ژیانی ساڵ چۆنە
گەورە چۆنە؟ مناڵ چۆنە؟
دایکی لاوانەوەو مەینەت
توخوا چۆنە؟ بەرگی یەکەم ل٢٢١

لێرەوە شاعیر وشەی (ئەپرسیت) بەکارهێناوە، ئێمە وەڵام دەدەینەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکەین، لەکاتێکدا خۆی پرسیار دەکات و خۆی وەڵام دەداتەوە، بەڵام وەڵامدانەوەکەی دووبارە لەپرسیاردا دەخاتەڕوو، بۆیە پێویستە خوێنەر هەم لێکدانەوە بۆ وەڵامەکان بکات، هەم بۆ کۆی دەقەکە.

یان لە شیعری (پرسیار) دا ناونیشانی دەقەکە بریتییە لە پرسیار، بەم پێیەش دەقەکە لەسەر پرسیار بونیادنراوە، ئەمەش لەو پێناوەدایە کە شاعیر دەیەوێت ئەوەی لە دڵیدایە، هەمووی بخاتەڕوو و ئاشکرای بکات، بەمانایەکی تر پرسیار گومان لەسەر هەموو شتەکان دەڕەوێنێتەوە، چونکە دواجار ئەوەی مرۆڤ بیەوێت دەتوان بیکات، وەک دەڵێت:

کە ژن نەبوو... ژیان چیە
باهەزار ساڵیش من بژیم؟!
کە ماڵ مۆسیقای تیانەبوو
ئیتر گوێ بۆ ئەبێ هەبێ؟..خێراکە مردن خەریکە بگات،١٨٣

### ٣-کێ:

وشەیەکە بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لەناسنامەو کەسەکان، هەروەها دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دەربڕینی ڕوونکردنەوە، لێکۆڵینەوە، یان تێڕامان لە ناسنامەی کەسێک، یان ڕۆڵی بەکاربهێنرێت، یان وشەی پرسە بۆ پرسیار کردن لە کەس بەکاردێت، ئیدی زانراو بێت، یان نەزانراو، بۆیە لە وەڵامدا پێویستی بە ناو هەیە، ئیدی تاک بێت، یان کۆ و گشتی، کەواتە وشەی(کێ) بەکاردێت بۆ:

**١- پرسیارکردن دەربارەی ناسنامەی کەسێک:** وەک دەڵێت:

ئەمجارەیان کێیە مردوو؟
غەریبێکە ئەڵێن کوردە
هەر ئەوەندە؟
کورد...نازانی؟
ئا ئەو گەلەی لەرۆژهەلات
بەقوربانی سووری ئەکات
زەوی خەبات.... بەرگی یەکەم، ل١٦٩

کەواتە لێرەدا پرسیار لەسەر گەلێکە، بەڵام گەلێک لەلایەک غەریب، لەلایەکی تر مردوو، کەواتە ئەوەی لەپشت ئەم وشە پرسەوەیە گرنگە، یان مەبەست و ئامانجی پرسیارەکە، بەوەی ئەم ستەم و نادادی و مافخورانەی کورد لەناو خاکی خۆیدایە،

بەشێوازێک لەسەر خاکەکەی خۆی هەست بە نامۆیی ناکات لەبەرامبەر ئەو ستەمانەی کە لەبەرامبەردا دەکرێت، هەر لەبەرئەمەشە کەسێک کە لە زێدی خۆی نامۆ بێت مردووە، لەکاتێکدا ناوبانگ و قوربانیدانی گەیشتووەتە دەم پاسەوانی گۆڕستانیش.

**٢- پرسیارکردن دەربارەی بکەری ڕووداو:** وەک دەڵێت:

کێ ئەتوانی مردن لە پێش وەختا بانگ کا؟
کێ ئەتوانێ
کێ..
کێ بە ناو دۆزەخا ئەڕوا؟
کێ ئاگر ئەکا بە چەپک
ئەیخاتە سەر زامەکانمان؟
کێ..کێ..بەرگی یەکەم، ل٣١٩

لەم کۆپلەیەدا (٦)جار وشەی کێی بەکارهێناوە، ئەمەش هێزی پرسیارو کەس بەهێزتر دەکات، بەشێوازێک وا لە خوێنەر دەکات بەدوایدا بڕوات، چونکە ڕاستەوخۆ شاعیر مەبەستیەتی ئەوانەی کە گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی نیشتمان، یان ڕێبازەکەیان و بێ سڵکردنەوە سنگ بە گولەوە دەنێن بناسێنێت، ئەمەش ناسنامەی پێشمەرگەیە، یان وەک پرسی شوناس بەکاریدەهێنێت.

**٣-پرسیارکردن دەربارەی پەسەندکردنێک، یان هەڵبژاردنێک:** وەک دەڵێت:

کێ پێت باشە ببێتە هاوبەشی پڕۆژەکە؟
کامیان زیاتر حەزت لێیە، خوێندنەوە یان نووسین؟

کەواتە بەکارهێنانی 'کێ' یارمەتیدەرە بۆ ناسینەوەی مرۆڤەکان، یان پرسیارکردن لە ناسنامە، یان ڕۆڵیان لە دۆخێکی دیاریکراودا، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی و کارلێکی نێوان تاکەکان.

**٤-کوێ:**

وشەیەکە بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لە دیاریکردنی شوێنی شتێک، کەسێک، یان شوێنی ڕووداوێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، جگەلەمەش یارمەتی ئاراستەکردنی پرسیارەکانی پەیوەست بە شوێن دەدات، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ قسەکەر و خوێنەر بۆ تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی شوێنەکان بە وردی، بۆیە بە چەند شێوازێک بەکاردەهێنرێت:

**١-پرسیارکردن لە شوێنی کەسێک:** وەک دەڵێت:

بۆ کوێ بڕۆین؟
لەکام شوێنا بۆی بگەڕێین؟بەرگی یەکەم ل٣٩٣

ئەگەرچی پرسیار بۆ شوێنەو دەبێ دیارییبکرێت، بەڵام لەڕاستیدا پرسیار لەنەبوون، یان نەمانی شوێنە، چونکە شوێنێک نەماوە تا ناوی بهێنێت، بەمانایەکی تر شوێن نە دیاریکراوە، نە سنوردار، چونکە خواستی شاعیر گەڕانە بەدوای ئازادیدا و ئازادیش لە کوردستانی عێراقدا نەماوە، بەهۆی ستەمی بەعسیەکانەوە، بۆیە داوای دۆزینەوەی هیوایەک دەکات بۆ گەیشتە مەبەست، وەک دەڵێت:

بۆ کوێ ئەچی؟
چوار دەوری قەڵات ئاگرە....بەرگی سێیەم، ل٢٠٧

شاعیر دەیەوێت بڵێت شوێنی خۆت سەلامەترین شوێنە، چونکە بەجێهێشتنی شوێن، واتە چوونە ناو ئاگر، ناخۆشی، هەستپێنەکردن، بەڵام دواجاریش شوێنی خۆی بریتییە لە پێگەو بوون و پێویستە کار لەسەر ئەم بوون و سەروەرییە بکات.

**٢-پرسیارکردن دەربارەی شوێنی ڕووداوێکی دیاریکراو:** وەک دەڵێت:

لە کوێیە پرشنگی دەربەدەر؟
لەکوێیە ڕوباری ئاوارە؟
ئەستەمبوڵ لانکەیە بۆ هەتاو؟
ئیستگەیە بۆ خەونی غەریبان؟بەرگی سییەم، ل٦١٣
یان:لە کوێ؟! لە کوێ؟!
بزریکرد؟!
لە لای دۆڵێکی زۆر کەمدووی
نوقم لە ناو تەمتوماندا؟!
لە کام شوێندا؟! بەرگی هەشتەم، ل٢٣١

**٥-کام-کامە:**

وشەیەکی پرسە بۆ دیاریکردن و دەستنیشان کردنی شتێک لە ناو چەند شتێکدا بەکاردێت، هەروەها وەک ئامرازێکی لێپرسینەوە بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی دوو بژاردە یان زیاتر، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کام لەو دوو بژاردە، یان شتە گونجاوترە، باشترە، یان ڕاسترە، یان وەک لێپرسینەوەو بۆ پێناسەکردن و ڕوونکردنەوە بەکاردێت. بەکارهێنانیشی پەیوەستە بە کۆنتێکستەوە و دەتوانێت چەندین مانا و بەکارهێنانی هەبێت، بۆ نموونە:

**١-وەک ئامرازێک بۆ ڕوونکردنەوە، یان لێکدانەوە:** وەک دەڵێت:

کام هەوری دەنگ بوو.... گرمانی؟
بەگژ دیوارا چۆن بچین؟
بت چۆن بگرین؟ بەرگی یەکەم، ل٣٩١

شاعیر دەیەوێت بڵێت چەندین هێز و گروپی تورەو ماڵخوراو هەن، ڕۆژێک دەچنەوە بەگژ ستەمکاندا، بۆیە لەبەر زۆری ئازارەکان و نارەزایەتییەکان فراوانتر بوون، بەشێوازێک تەنها سەرکردەیەکیان پێویستە بۆ کۆکردنەوەو بڕیاردان.

**٢-بۆ بەراوردکردنی دوو بژاردە:** وەک دەڵێت:

بەڵام دیوار چۆن ئەروخێ؟
بت چۆن ئەشکێ؟
بەکام پەیژەدا سەرکەوین؟
قەڵای بتوان چۆن بگرین؟
کام هەوری دەنگ بوو.. گرمانی؟ بەرگی یەکەم، ل٣٩٢

ئەم دەقە دوو جۆر بەراوردی تێدایە بەراوردێک کە بەناڕاستەوخۆیی بەربەستەکان نیشاندەدات، بەراورێک کە لەڕێگەی وشەی(کام)ەوە بۆ هەور دەیکات.

**٣-بۆ پرسیارکردن دەربارەی ناسنامە، یان کوالیتی:** وەک دەڵێت:

کام ئۆقیانوس خۆی گرژکرد؟
پردی کام جێ دەسی گرتم؟
ڕەشەبای کام لا هەڵیکرد؟
کێ ورتەی کرد؟
کێ ؟ کێ ؟کێ؟ بەرگی دووەم، ل٤١٧

شاعیر دەیەوێت پرسیار لە هەموو ئەوانەی، کە خۆیان بە پشتیوانی کوردو شۆڕش دەزانن بکات، بەوەی کورد کۆمەڵکوژ کرا، راگواسترا.....تاد، کێ هەبوو هەڵویستێک بنوێنێت، بۆیە وشەی کام بۆ هەموو ئەوانەیە، کە خۆیان بە پشتیوان دەزانن، بەڵام کەسیان هەڵوێستێکی کرداریان نەبووە.

**٤-بۆ بەراوردکردنی تایبەتمەندی، یان چۆنیەتییەکان:** وەک دەڵێت:

ئەز چیتان بۆ باسکەم؟

کام خوێنتان بۆ باسکەم؟

کام ئاختان نیشان بدەم؟

لە کوێوە بێمە ناو زریکەو قیژەوە؟...بەرگی سێیەم ل ٥٥

شاعیر لەڕێگەی (کام)ەمەوە دەیەوێت هەموو ئەو ستەم و ئازارانە بهێنێتەوە سەر شانۆ، کە هەر یەکەیان لەوی تریان ناسۆرترە، بۆیە شاعیر دەستەوەستانە لە گێڕانەوەو باسکردنیان، هەربۆیە دواجار دەڵێت:

کامەیە نیشتیمان ؟! کامەیە ئازادی ؟! نازانم

ئەو ئاوەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ سەرچاوەی ئەدزین؟!

ئەو یارەی لە خەودا چاوانی ئەدزین؟! بەرگی چوارەم، ل٥٤٨

کەواتە نیشتمان لانکەی ئارامی و حەوانەوەو ئازادی و بوون و.....تاد، ئەگەر نا چۆن دەبێت بەربینە گیانی نیشتمان و لەپێناو بەرژەوەندیدا هەموو پێوەرەکان وەلابنێین.

## ٦-چۆن:

وشەیەکی پرسە بۆ پرسیارکردن لەسەر چۆنیەتیەکان بەکاردێت، یان دەیەوێت چۆنێتییەکان بخاتەڕوو ، یان بۆ لێپرسینەوە و پرسیارکردن لە ڕێگە، یان چۆنیەتی ئەنجامدانی کارێک بەکاردێت، ئەمەش بە چەند شێوازێک نیشاندەدات:

**١- پرسیارکردن دەربارەی ڕێگەو شێوازەکە:** وەک دەڵێت:

چۆن ڕازی دڵ

بگەیەنێ بە سورە گوڵ

چۆن بیدوێنێ؟چۆن پێی بکا؟

کەی بێ قسەی لەگەڵ بکا؟

بە کاغەز یان لەبەر دەرگا؟..... بەرگی یەکەم،ل١٤٠

وشەی چۆن بۆ لێکدانەوەو راڤەکردنی هەموو ئەو ئەگەرانەیە، کە لەپێناو سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئامانجدا دەگیرێنەبەر، بۆئەوەی باشترین وەلای چۆنیەتییەکان هەڵبژێرین، چونکە کات و شوێن و چۆنیەتی دوان، مەرجی سەرەکی کارەکەن، یان دەڵێت:

چۆن پێی بکا؟!

تکاو نزا لای کێ بکا؟! بەرگی یەکەم،ل١٤٦

**٢- پرسیارکردن دەربارەی بارودۆخێک:** وەک دەڵێت:

شێرێ لە لانکەی خۆیدا

بیری کردووە چۆن سبەی

پەلاماری پڵنگەکەی هاوسێی بدا؟

پڵنگەکەش بیری ئەکردوە کە چۆن

بەیانی ڕێوی بگرێ و کەوڵی بکا؟

ڕێویش بیری ئەکردەوە

چۆن بگاتە هێلانەی ئەو کونە شاخ و

زەرنە قوتەی کۆتر بخوا؟!..........بەرگی یەکەم، ل٥٤٧

شاعیر چەند چۆنێکی بەکارهێناوەو هەمووشیان رادەی چۆنیەتی بەرژەوەندیەکان نیشاندەدات و هەریەکەشیان بەپێی کارو بەرنامەی خۆی، پلان بۆ کارو ئەرکی خۆی دادەنێت، بۆیە لەلایەک ئەو بیرانەی کە لەپێناو بەرژەوەندیدا دەخرێنەکار نیشاندەدات، لەگەڵ پلانی کاری هەریەکەیان، لەهەمانکاتدا چۆنیەتیەکانیش داڕێژەری بیری ئازادی و پێکەوە ژیانن، وەک دەڵێت:

چۆن گەیشتنە سەر چراکەم؟

ئەو ئەسپانەیان چۆن خەساند؟

ئەو کیوە زلە چۆن دزرا؟

چۆن؟ چۆن؟ چۆن؟....بەرگی سێیەم ل٦٣٢

**٣- پرسیارکردن دەربارەی چۆنیەتیەکان، یان هۆکارەکان:** وەک دەڵێت:

ماندووم ماندووم ئەزانی چۆن؟

وەک هەناسەی سواری ئەو چڵانەی

کە با لە کەناری چەمدا

سەریان ئەکات بە ناو ئاودا..... بەرگی دووەم، ل٣٧

شاعیر لەپێناو نیشاندانی چۆنیەتی ماندوبوونەکە، لێکچوونێکی لەنێوان چڵی لاربووەوەی ناو دەریا و شاعیر، یان کورددا کردووە، بەوەی کورد لەئەنجامی ئەو هەموو ستەم و پەستانەی کە بۆی دروستکراوە، نەک ئەوەی خۆی کۆڵی دابێت، یان ماندووبووبێت، بۆیە ماندوبوونەکە نیشانەی بەهێزی و کۆڵنەدانی شاعیر نیشاندەدات، بەرامبەر زۆری بەربەستەکان.

**٤- پرسیارکردن دەربارەی میکانیزم، یان پرۆسەکە:**

چۆن ئەڕوخێ؟!

سی ساڵی تر ؟ چل ساڵی تر؟ ...بەرگی دووەم، ل١٨١

ئەگەرچی ئەم چۆنیەتییە بۆ نیشاندانی هۆکارو چۆنیەتییەکەیە، بەڵام لەگەڵ خۆشیدا بێهیوابوونی هەڵگرتووە، ئەمەش لەبەرامبەر ئەو هەوڵانەی کە دراون و ئەنجامێکی دڵخۆشکەریان نەبووە، یاخود دەڵێت:

چۆن تاسای...هەواکەم؟!

چۆن کپ بووی...قەسیدەکەم؟!

چۆن مردی...شەماڵم؟!

چۆن خنکای ....ئاوی روون؟!

کێ تۆی کوشت

کێ تۆی کوشت هەنارم..بەرگی پێنجەم، ل٦٩١

لە کۆی ئەم دەقانە شاعیر بەدوای چۆنیەتی ڕوودانی کارەکان و هۆکارەکانیەوەیە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا سەرسوڕمانی و تێڕامانی لەخۆگرتووە، کە ئایا مرۆڤی وا هەیە، کە بەبێ گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆیی، ئەم کارە بکات، بەمانایەکی تر جگە لە ستەم هیچ هۆکارێکی تری نییە بۆ ئەم هەنگاوە، لەگەڵ ئەوەی باسی وردی ڕوداوەکانی هەڵەبجە دەکات، بەوەی چۆن هەواکەی، شەماڵی، ئاوەکەی پڕبووە لە کیمیاوی، لەئەنجامی ستەمەکەش قەڵەمەکەی شاعیر وشکبووە وەک پەنجەکانی، بەمانایەکی تر چۆنیەتییەکان لەگەڵ هەردوو بوونەکەدا جۆرێکی تر نیشاندەدات، بۆیە ئەم شێوازەی گرتووەتەبەر.

کەواتە بەکارهێنانی 'چۆن' یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە وردەکاری و پرۆسەکانی پەیوەست بە بابەتە جیاوازەکان، ئەمەش پەیوەندیکردن و پرسیارکردن لە لایەنە جیاوازەکانی ڕووداو و بارودۆخەکان ئاسانتر دەکات.

## ٧-چی:

ئەو وشەیەیە کە بۆ پرسیار لەچیەتی شتەکەو هۆکارەکەی بە کاردێت، یاخود وەک ئامرازێکی لێپرسینەوە بۆ پرسیارکردن لە شتەکان، یان زانیاری بە گشتی بەکاردێت، بۆ نموونە:

**١-بۆ پرسیارکردن دەربارەی شتێکی تایبەت:** وەک دەڵێت:

ڕوبارێک لێی پرسیم :تۆ چیت؟!

وتم: من ماسیم(شێرکۆ بێکەس)ی ماسیم

وتی: ئەی ئەگەر ئەو ڕوبارە وشکی کرد؟

وتم:دیارە ئەکەندەردوو منیش ئەمرم !بەرگی حەوتەم،ل٥٠

لێرەدا چی پرسیارە بۆ شتێک، کە هێزی بەسەر هەموو شتەکاندا دەشکێت، ئەمەش مەبەستە سەرەکییەکەی شاعیرە و دەیەوێت بڵێت هەموو(چی)یەک، کە دەکرێت، مەرج نییە وەڵامدانەوەی بەپێی جۆری پرسیارەکە بێت، بەڵکو لەسەر بنەمای عەقڵ وەڵامبدرێتەوە.

**٢-بۆ پرسیارکردن دەربارەی وردەکاری، یان زانیاری:** وەک دەڵێت:

بیرم نەبوو!

ها....چی..؟

ناوی چی بوو؟

ناوی....ناوی، لەتیف عالی بوو.....بەرگی یەکەم ل١٧٠

یان: شیعر چییە؟!

ئەگەر نەتوانێت تەزوویەک

لە دەزولەی سەرسام بوونێ

داچڵەکێنێ لە شێوەی خەوی ڕاپەڕیو

نەخاتە ناو دڵی تۆوە؟! بەرگی هەشتەم،ل٤١٩

لەم دەقەدا شاعیر خۆی پرسیارکەرو خۆشی وەڵامدەرەوەی پرسیارە، بەمانایەکی تر دەیەوێت لەڕێگەی پرسیارو کرۆک و ئامانج و مەبەست و کارنامەی شیعر بناسێنێت، بۆئەوەی ئەوە بە ئاشکرا بڵێت هەر شیعرێک ئەم خاسیەتانەی نەبێت، لەشێوەی شیعردا نوسراوە،وەک شیعر بێت.

**٣-بۆ پرسیارکردن دەربارەی هۆکارەکان، یان پاڵنەرەکان:** وەک دەڵێت:

نەتان پرسی کوانێ ئەنجام؟

چی بۆ کردن فریشتەکان؟

چی کرد ئالیل چی کرد سمکان ....؟ بەرگی سێیەم ل٥٢

**٤-بۆ پرسیارکردن دەربارەی بژاردە، یان ئەڵتەرناتیڤەکان:** وەک دەڵێت:

چیتان دەوێ... وردیلەکان؟

بابە ....بابە....تۆمان دەوێ

تۆمان دەوێ...کەی دێیتەوە ؟ بەرگی یەکەم، ل٢٩٩

ئەگەرچی شاعیر لەڕێگەی خێزانێکەوە پرسیاردەکات، بەڵام خودی پرسیار بریتییە لە بەرپرسیارییەتی سەرکردەیی بۆ گەلێک کە گەڕانەوەی سەرکردەو دەستەبەرکردنی ئارامی و ئازادییەکانە.

کەواتە بەکارهێنانی "چی" یارمەتیدەرە بۆ پرسیارکردن کە پێویستیان بە زانیاری، یان ڕوونکردنەوە هەیە، ئەمەش وا دەکات پەیوەندیکردن ئاسانتر بێت و باشتر لە دۆخەکان تێبگەیت.

**٨-بۆچی:**

وشەیەکی پرسە بۆ پرسیارکردن لە هۆکارەکان بەکاردێت و بەچەند شێوازێک هاتووە، لەوانە:

**ا- بۆچ:** ئەو وشە پرسەیە بۆ پرسیارکردن لە هۆکاری شتەکە بەکاردێت، یان وەک ئامرازێکی لێپرسینەوە بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لە هۆکار، یان هۆکاری پشت شتێک، بۆنموونە:

**١-بۆ پرسیارکردن دەربارەی هۆکارەکان:** وەک دەڵێت:

بۆچ هەر ئەبێ، لە چاوی خەم،فرمیسک هەڵڕێژم

ئەم تەمەنەم وا بەکاڵی بۆ تۆ بنێژم؟... بەرگی یەکەم، ل٤٦

شاعیر باس لە پەیوەندی نێوان دووکەس دەکات، کە پاش قوربانیدانێکی زۆر پێی نەزانی، ئەم پرسیارەش لە ڕێگەی وشەی(بۆچ)یەوە دەکات، کەواتە ژیان لەهەموو شتێک گرنگترەو پێویستە بۆ ئەوە بکرێتە قوربانی کەشایەنیەتی و شایەنبوونیش لەئەنجامی هەڵسەنگاندنی کەسەکانەوە دێتەدی، نەک بەنەزانی.

**ب- لەبەرچی:** زۆرجار لێکۆڵینەوەیە لە ڕوداوێک و بەمەبەستی زانینی ئەنجام، کار لەسەر داواکەی دەکات، بەڵام زۆرجار زانینەکە خەمناک دەردەکەوێت، یان ڕاستییەکی بە ئازارە، کە دەیزانێت و لێی دەترسێت، بەڵام ناچاریت بەدوای وەڵامی پرسیاردا بچیت، چونکە هەموو بەدواداچوونێک سەرەتایەکی نوێیە، وەک دەڵێت:

بە(داس) م وت:

لەبەرچی وا کۆم بویتەوە؟

وتی:

لە دروێنەدا وام لێهات

کە بە (هەڵەکۆک) یشم وت

تۆ بۆچی وا تەمەن کورتی؟

وتی بۆچی لە دوای بەفر

ژیان تامی تیا ئەمێنێ؟! بەرگی یەکەم ل٥٩٢

کەواتە تا ئەوکاتەی پرسیارە شیعرییەکە، دەبێتە گیانی نەمریی بۆ شاعیر و هەندێک جار شاعیر پرسیارەکانی دەخاتە سەر شتەکان، شوێنەکان، یان سروشت بەجۆرێک کە پرسیارەکە لە دەرەوەی خودی شیعرەوە دێت، هەندێک جاریش پرسیارەکە دەبێتە ناونیشانی دەقێکی شیعریی، یان کۆمەڵێک دەق، شاعیر لە ژێر سێبەری ئەم پرسیارە ناونیشانەدا قسەکانی دەخاتەروو، تەنانەت ئەگەر باسی وشەسازیی پرسیارەکە، یان نیشانەکانی پرسیار و ئامرازەکانیشی نەکات.

**پ-بۆ:** ئامرازێکی پرسە، هەرچەندە لە بنچینەدا کورتکراوەی وشەی پرسی( بۆچی)ە، بەهەمان شێوە وشەی(بۆچ، بۆچی) و بۆ زانینی هۆ و هۆکارەکان بەکاردێت، وەک دەڵێت:

ئەی ئەستێ گیان بۆ بێدەنگی؟

جارێکی تر خەونەکانت ناگێڕمەوە

بۆ بێ دەنگی؟بەرگی یەکەم ل٤٦٦

ئەگەرچی وشەکە بۆ زانینی هۆیەکە بەکارهێنراوە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێدانی بەڵێنە لە بەرامبەر کەسێک کە پێویست بوو متمانەی لەدەست نەدات، بۆیە وشەی(بۆ) هەڵگری چەندی ئاماژەو مانای جیاوازە لەکاتی وەڵامدانەوەدا، یان دەڵێت:

گەڵای پرچم بهۆنەوە

ئەزانی بۆ؟

تاپەڕم شەوق بداتەوە...بەرگی دووەم ل١٢

یان لە دەقی (بۆ؟!)دا دەڵێت:

من لەبەرچی ئەنوسم؟!

ئەمەڕێک هەر لەوە ئەچێ

بڵێم لەبەر چییە ئەژیم؟!....بەرگی هەشتەم، ل١٣٧

لەکۆی دەقەکەدا شاعیر وشەی(بۆ) بەکارنەهێناوە، بەڵام لەناو دەقەکەدا وشەی(چی) بەکارهێناوە، لەگەڵ چەند پرسیارێک کە بۆ خۆی ڕۆڵی بریتییە لە ڕۆڵبینینی( بۆ) لەدەقەکەدا، چ لەگەڵ ئەو وەڵامانەی کە بۆی دەخوازین.

**ت- بۆچی:**

بابە کوانێ دەستەکانت بۆ جێت هێشتین؟!

بابە ئێمە ئەچین بۆ کوێ؟!

بابە بۆچی دایکم ئەگری؟!

بۆچی؟! بۆچی؟!بۆچی؟!...بەرگی یەکەم ل٦٥٢

لێرەدا چەندین جار وشە پرسەکە دووبارە بووەتەوە، ئەمەش لەپێناو نیشاندانی بەئازاری و ساتی دابڕان و جیابوونەوەکە نیشاندەدات، یان خوێندنەوەی هەست و دەروونی منداڵێک بەرامبەر بەو ستەمەی کە لێی دەکەن، بە جیاکردنەوەی دایک و باوکی یان کوشتنیان، لەکۆتاییشدا بە دووبارەکردنەوەی وشە پرسەکە ئەوە دەخاتەروو، ناکرێ وانەبێ، یان ئەوەچییە، یان چیمان کردوە تا وامان لێ بکرێت.

**٩چ:**

وشەیەکی پرسە هەندێک جارێش وشەی(چی) بەکاردێت و وەک کورتکراوەی ئەم وشەیە بۆ پرسیارکردن لە زانیاری و هۆکارو دیاریکردن بەکاردێت، بۆ نموونە:

**١-پرسیارکردن لە هۆکار:** وەک دەڵێت:

بۆ بەر برۆکسل نەکەوتم؟!

یان ئەمستردام؟!

چ بەختێ بوو

منی فڕێدایە ئێرە؟! یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی، ل١٧

**٢- پرسیارکردن لە زانیاری :** وەک دەڵێت:

نالی پرسی:

هەنگوین چ ڕۆژێ پەیدا بوو؟ بەرگی یەکەم،ل٤٨٠

**١٠-کەی:**

وشەیەکی پرسەو بۆ پرسیارکردن لە کات بەکاردێت، یاخود وەک ئامرازێکی لێپرسینەوە بەکاردێت بۆ پرسیارکردن دەربارەی ئەو کاتەی، کە ڕووداوێکی دیاریکراو ڕوویداوە، یان ڕوودەدات، بۆنموونە:

**١-پرسیارکردن لەسەر کات و چۆنیەتی:** وەک دەڵێت:

کەی باران و چۆن باران و چۆنیش مردن؟یادەوەری ل٣٠

یان:ئەوەتا وا چۆلەکەکان پرسیار ئەکەن

کەی درەخت و

کەی هێلانەی خۆیان ئەبێ؟ئەسپێک لەپەڕەی گوڵاڵە، ل٣١٣

ئەم هەموو(کەی)ە لەلایەک بۆ کەڵەکەکردنی کاتێکە کە قەرەبووکردنەوەی نییە، لەلایەکی تریشەوە جۆرێک لە بێهیوایی نیشاندەدات لە دواکەوتنی داخوازیەکان و گەیشتنە ئاکام، بەڵام لەهەمانکاتیشدا باس لەو هەوڵە بەردەوامە بەهێزە دەکات، کە چۆکی دانەداوە لەبەرامبەر ستەمەکان، بەڵام دواجار ئاماژەشە بۆ وریاکردنەوە لەو کاتانەی کە مافی خەڵکی تێدا خوراوە و ئەمەش دەبێتە تۆپەڵە بەفر، لەپێناو هێنانەدی خواستەکە.

**٢-پرسیارکردن لەسەر ڕووداوێک لە ڕابردوودا ڕوویداوە:** وەک دەڵێت:

ئەی شارەکەی ئارام نەگر!

کەی لە کەی عارت ویستووە؟

ئەی چاوگی خوێن و ئاگر!

کەی ناپیاوت پەرستووە...بەرگی یەکەم، ل٨٠

ئەگەرچی کەی بۆ کاتی دیاریکراوە، بەڵام لێرەدا وەک ئامرازێکی نەرێ بەکارهاتووە، بەوەی هیچ کاتێک تۆ لەکەی عارو ناپیاویت نەبووەو قبووڵت نەکردووە، مەبەستی مێژوویەکی دووروودرێژو سەرەکی و شکۆمەندی بناسێنێت، واتە هیچ کاتێک تۆ ئەمەت قبووڵ نەکردووە بەدرێژایی مێژوو، بۆیە هەمیشە لانکەی بزاوتی سیاسی و ڕۆشنبیری....تاد بوویت.

**٣-پرسیار لەسەر ڕووداوی داهاتوو :** وەک دەڵێت:

کەی ئەم ئەبێ بە بوکی ئەو؟!

کەی دێتە دی خەیاڵ و خەو؟!

کەی بێ تەمەن خۆزگەی مەرام

نەکا ناکام؟! بەرگی یەکەم ل١٤٥

یان:لە تەنیاییمان ئەپرسی١

کەی دێتەوە؟! بەرگی حەوتەم ل ١٥

**١١-کوا:**

وشەی پرسە بۆ پرسیار لە دەستنیشانکردنی شتێک، یان دیاریکردنی شتێک بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە:

**١-بۆ پرسیارکردن لەسەر ئەنجام:** وەک دەڵێت:

ئەی لە پاشا کوا بەرهەمی تەمەن کوا ئەنجام

کوا گەنجێتی؟ کوانێ گەشەی شادی بۆ هیوام

کوانێ بەری تۆوی ساڵی چێنراوی ڕۆشتوم؟

کوا ڕۆژانی هەرزەکاری گوڕی جوانم؟

کوا خوێن گەرمی و تین و جۆشی دەمارەکانم؟

کوا پاشەڕۆژ پرشنگی ئاوات ڕووناک بوو؟

دەپێم بڵێ ئەو سەردەمە بوونی تۆ چی بوو؟ بەرگی یەکەم ل٤٦

ئەگەرچی چەندین جار وشە پرسەی(کوا) بەکارهاتووە بۆ دەستنیشانکردن، یان ناساندنی ئەنجام، بەڵام لەبنچینەشدا پێدانەوەی وەڵامە بە نەکردنی هیچ، یان نەبوونی ئەنجام و پێویستە هۆکارەکەی چارەسەربکرێت، لەلایەکی تریشەوە هەڵسەنگاندن و فیدباکی مێژووە، کە بێ ئەنجامەو سەردەمی بێهیوابوونە، لەلایەکی تریشەوە لەڕێگەی ئەم فیدباکەوە تاسەی هیوای دەخاتەروو.

**٢-بۆ پرسیارکردن لەسەر هۆکاری لەدەستدان:** وەک دەڵێت:

کوا دڵۆپی فرمێسک ڕشتن

کوا ئاخێکی گەرم ناشتن

کوا بەزەیی سەر ڕوخساری

کوا...تکایە؟کوا هاواری؟

کوانێ ئەو دەستانەی ئەڵێن

بۆ تەنگانە درێژ ئەکرێن...بەرگی سێیەم ل٢٠٤

**٣-بۆ پرسیارکردن لەکەسێکی دیاریکراو:** وەک دەڵێت:

کوا مێردەکەم؟

بارمتەیە لە جێی بڕنەوێ کە ڕاوی یەکانەکانی پێ ئەکرێ؟!
کوا شیعرەکانم؟ بەرگی یەکەم ل٣٢٥
یان:گری چاوی قەڵا کوانێ؟
دەنگی باران و ڕەهێڵەی
قەڵا کوانێ؟
کوانێ چاوی خانزاد کوانێ؟
کوا هەتاوی سنگی کوانێ؟
وەڵام نەبوو
وەڵام نەبوو...... بەرگی یەکەم ل٤٢٠

شاعیر لەڕێگەی پرسیارەوە بەدوای کۆمەڵێک وەڵامدا دەگەڕێت، کە لەو کاتەدا هیچ وەڵامێکی دەستنەکەوتووە، چونکە ئەو گری چاو و باران و قەڵا خامۆشە، بۆیە شاعیر دەیەوێت ئەم هێزە بهێنێتەوە سەر شانۆ، لەلایەکی تریشەوە لەڕێگەی پرسیارەوە ڕۆڵ و پێگەی نیشانبدات.

**١٢-چەند:** وشەیەکی پرسە بۆ پرسیار لەسەر چەندیەتی(ژمارەو ڕێژە) بەکاردێت، بۆنموونە:

لەم گەشتەدا چاوی برسیم
لەچەند شۆخی نازدار برم؟!
بە کامێرام لیرەو لەوێ
چەند دیمەنی شیرین بگرم؟! بەرگی دووەم ل٥٩

شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی چەندەوە، چەندیەتی و ڕادەی نیشاندانەکە بخاتەروو، بەوەی ئەو دیمەنانەی کە زۆر ناوازەن، یان دەبنە شوناسی یان نیشاندانی تواناکان لەڕێگەی وشەی چەندەوە دەخاتەروو.

## دووەم: نیشانەپرسەکان و ڕۆڵیان لە شیعرەکانی شاعیردا:

مەبەست لەو نیشانانەن، کە لە ڕستەدا بۆ پرسیارکردن لە کۆی شتەکان بەکاردێن، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆڵیان لە کێڵگەی واتاییدا هەیەو بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوی کۆنتێکستی دەقەکەن، وەک :

### یەکەم: نیشانەی (؟):

مەبەست لەو جۆرەیە کە شاعیر ئەم نیشانە بەکاردەهێنێت بۆ پرسیارکردن، یان ئەو نیشانەیە کە ڕستەکە دەکاتە ڕستەی پرسیاری، بەمەش نیشانەی پرسیار ئاماژەکردنە بە ڕستەی پرسیارو لێپرسینەوە و ئەو ڕستانەن، کە مەبەست لێیان پرسیارکردنە لە شتێکی دیاریکراو، لەگەڵ ئەمەشدا هەم پرسیارەکە لای شاعیر گرنگە، هەم ئەو وەڵامدانەوانەی کە لە مێشکی خۆیدا لە کورترین ماوەدا تەتەڵەیاندەکات، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە کە شاعیر لە ململانێیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەو پرسیارەی کە جارێک بە ئامرازی پرسیار و نیشانەی پرسیار ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە پرسیارەکە لە خودی شیعر خۆیەوە وەک پرسیارێک لەبارەی بوونەوە سەرچاوەدەگرێت، بۆیە زیندوویی ئامرازی پرسیار و نیشانەکەی چالاک دەکات، یان کاتێک کە خۆی باس لە ناوەڕۆکی پرسیارەکان دەکات، دەروەشاوەیی بابەتی ئەوان لەناو گوتاری شیعریی خۆیدا دەخاتەڕوو، بۆیە پرسیار دەبێتە بابەتێک و کۆتاییەک کە لەدەوری گوتاری شیعریدا دەسورێتەوەو کاتێک پرسیار دەبێتە ئامرازێک، کە هەڵگری گومانە شیعرییەکەیەتی لەڕێگەی نیشانە و ئامرازەکانی پرسیارەوە.

ئەم نیشانەیە زۆرترین جار بەکارهێنراوە، چونکە لەلایەک بۆ پرسیارە شیعرییەکان و مەبەستی شاعیر بەکارهێنراوە، لەلایەکی تریشەوە جێگەی وشەی(ئایا)ی گرتوەتەوە، گرنگی نیشانەی پرسیار بریتییە لە:

**١-دیاریکردنی جۆری ڕستەکەو وەرگرتنی ڕا:** نیشانەی پرسیار یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ڕستەکە ڕستەیەکی پرسیارییە، ئەمەش تۆنی دەنگ و شێوازی خوێندنەوە دەگۆڕێت، جگەلەمەش لەهەمانکاتدا داوای ڕا وەرگرتن دەکات بەمەبەستی خۆیەکلاییکردنەوە، بۆ نموونە:

چی بۆ بەرم؟
بۆ ئەو یارە
زۆر نازدارە؟!
پاش گەیشتن
چی بێ دیاری پێشکەش کردن؟ .... بەرگی یەکەم، ل ١٧

نیشانەکە هەموو شتێکی خستوەتە ژێر پرسیار، لەلایەک بە گومانی لە هەڵبژاردن، لە لایەکی ترەوە هیچ شتێک نییە شایستە، یان هاوشانی ئەو بێت بۆ پێشکەش کردن، بۆیە ئەم جارە جیاوازترەو دەبێت دیارییەکەش جیاواز بێت، بۆیە نیشانەی پرسیار چەندین وەڵام و جۆری دیاری لەمێشکی خۆیدا ئامادەدەکات، ئەمەش فەزایەک بە دەقەکە دەبەخشێت، یان دەڵێت:

بت چۆن ئەشکێ؟
بەکام پەیژەدا سەربکەوێت؟
قەڵای بتەوان چۆن بگرین؟ بەرگی ١، ل٣٩٢

شاعیر بەوردی پرسیار لەسەر ئەو کارانەی کە پێویستە لەپێناو ئەنجامدا بگیرێنەبەر دەکات، بۆئەوەی هەنگاوەکان بەوریاییەوە بنێن، لەکاتێکدا ترس لەکارەکەدا هەیە، بۆیە بەدوای ڕێگەیەکی تاقینەکراوەدا دەگەڕێت، تاوەکو ئەم قەڵایە بگرێت، لەکاتێکدا زۆر سەخت و ئەستەمە.

**٢-ڕوونکردنەوە:** ئەم نیشانە وادەکات ئەوە نیشانبدات، کە ڕستەکە پێویستی بە وەڵامێکە، یان ڕوونکردنەوەیەکە لەلایەن کەسی بەرامبەرەوە، بۆ نموونە:

جانتا ئامادەی سەفەرم
چی بێ دیاریی سەردانەوەم؟
چی بۆ بەرم ؟.........بەرگی یەک، ل٢١

شاعیر ئەگەرچی نیشانەی پرسیاری بۆ پرسکردن بەکارهێناوە، بەڵام پرسیارەکە زیاتر ڕوونکردنەوەو ڕێنوێنییدانەوەیە، نەک وەڵامی بەڵێ، یان نەخێر، یاخود دەسکەوتنی زانیاری نەزانراو.

**٣-کارلێککردن:** ئەم نیشانەیە هاندەری کارلێککردنە لە نێوان نووسەر و خوێنەر، یان لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، بۆ نموونە:

وەکو ئەوسا کە ئەمناسی.. گیانی گەشە؟
یان دەماری، هەستی سڕەو بەنجی خەوە؟
نانی ژینی، نانی سپی، یاخود ڕەشە
ڕەنجی شانی بۆ ڕوناکی یان بۆ شەوە؟ بەرگی یەکەم، ل٧٩

**٤-دەرخستن و ناساندنی هەڵەکان:** شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی نیشانەی پرسەوە، چەندین پرسیاری تر لە دەقەکەدا دروستدەکات، بۆ ئەوەی هەموو ئەو هەوڵانەی کە لە پشت ڕووداوەکەن، بە خوێنەر بگەیەنن، بۆیە بەهۆی هەرەسی شۆڕشەوە کۆی پشتیوانییەکانی شۆڕش نارازین بەرامبەر بە هەڵوێستەکان، بۆیە شاعیر هەڵوێستی هەموویانی لە کۆنتێکستی پرسیاریدا هێناوەتەوە، وەک دەڵێت:

سەیرمان کرد
شاخەکان: تفیان لێی ئەکەن؟
دارستان:پشتمان تێ دەکەن؟
گوند چەمۆڵەمان لێ ئەنێ؟
شاریش پێمان پێ ئەکەنێ؟
لە بیرتانە؟!
چەکەکانمان بەسەرماندا
چۆن ئەگریان؟ بەرگی دووەم، ل٢٣٩

**٥- پرسیارو وەڵام لەبەرگی پرسیاردا:** مەبەست لەو جۆرەیە لەگەڵ ئەوەی پرسیاردەکات، بەڵام لەخودی پرسیارەکەشدا ئەگەری وەڵامەکان دەخاتەوەڕوو، وەک دەڵێت:

بۆ هاتویی؟
چی ماوە تا بۆی بێن؟
بێژەنگی لاشەمان؟!
یان نانی خویناویی؟ بەرگی سێیەم، ل٥٣٨

پرسیار لێرەدا خودی وەڵامیشە، بەوەی هیچ نەماوەتەوە، جگە لەمەش سەرسوڕمانە، چونکە خۆیان دەزانن کە نەماوە، ئیدی ئەمە ئەگەر رق و تۆڵە نەبێت بەرامبەر بە گەلێک، چی ترە.

**٦- بەراوردکردنی دووشت:** شاعیر دووشت بەراورد دەکات لەبەرگی پرسیاردا، لەپێناو دەرخستنی رادەی هێز و توانا وەک دەڵێت:

ئێوە بەوری..باو بۆران بوون؟
یان ئەسپی گر؟
دارستانی زەنگ بەدەست بوون؟
یان چریکەی گەرووی چیا ؟... بەرگی چورەم ل ٩٤

شاعیر دەیەوێت لێهاتوویی و ئازایەتی نیشان بدات، بەڵام ڕادەی نیشاندانی لە ڕێگەی بە پرسیارکردنەوە دەخاتەڕوو، تاوەکو خوێنەر خۆی ئەم رادەیە دیاری بکات، بەمانایەکی تر لەڕێگەی پرسیارەوە لە خودی خوێنەر هەڵسەنگاندنەکان بەخوێنەر دەگات، چونکە لەراستیدا خاوەنی ئەم خاسیەتە..

**٧-پرسیارکردن لە شێوەی بەراوردو هەڵسەنگاندن:** شاعیر لێرەدا چەند پرسیارێک دەکات لەیەک کاتدا پرسیارو لەهەمانکاتدا بەراوردکردنە، لەپێناو هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی دروست، بۆنموونە:

لێرە تۆڵەکە هەرزانترە یان قژی پیرێژنێ؟!
لفکەی شامی گرانترە یان مەمکی بێوەژنێ؟ بەرگی حەوتەم ل ١٤٣
یان:کە ئازادیش نەبوو ئیتر
گوڵ یەعنی چی و
ژن و مۆسیقا یەعنی چی و
شیعر چییە و
ژیان خۆی چی؟!! خێراکە مردن خەریکە بگات، ل١٨٤

کەواتە نیشانەی پرسیار ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەیوەندی نووسین و خوێنەردا، بەو پێیەی بە ڕوونی پرسیارەکان دەخاتەڕوو، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ گەیشتنە مەبەست و دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەر.

**دووەم: نیشانەی (؟!):**

مەبەست لەو جۆرەیە کە شاعیر چەند نیشانەو وشەیەک لەیەککاتدا بەکاردەهێنێت، کە دەکرێ بۆ پرسیار، هەم سەرسوڕمان بێت، یان ئەو نیشانەیە کە رستەکە هەم دەکاتە رستەی پرسیاری، هەم بەهۆی ئەستەمی ڕووداوەکانەوە، بەشێک لەسەر سوڕمانیش دروستدەکات، یاخود(نیشانەی پرسیار و نیشانەی سەرسوڕمان پێکەوە) بەکاردێت بۆ دەربڕینی پرسیارێک، یان لەهەمانکاتدا سەرسوڕمانێک. ئەم نیشانەیە یارمەتیدەرە بۆ باشتر گەیاندنی هەستی شاعیر و ئەوە نیشانی خوێنەر دەدات، کە ئەو پرسیارەی کە دەکرێت، توخمێکی هەم پرسیاری، هەم سەرسوڕمانیشی هەڵگرتووە، بۆیە بەکاردێت بۆ:

**١-دەربڕینی سەرسوڕمان و سوپرایزی:** واتە کاتێک بەکاردێت کە پرسیارەکە سەرسوڕمانی تێدابێت، سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە:

فەرهاد شیرینی وات ئەوێ؟!
فەرهاد ڕوبارێکت دەوێ
درەختی خۆی بخنکێنێ؟! بەرگی یەکەم ل ٦٣٥
یان: بۆتان بێ عیشقی (مەم وزین) ئەبێ چی بێ؟!
مەم وزین بێ شیعری خانی ئەبێ چی بێ؟!
خانی بێ شەوقی زمانی کوردی چییە؟!
کورد کە کوردستانی نەبوو، ئەبێ چی بێ؟ بەرگی چوارەم، ل١٧٤

**٢-دەربڕینی بروانەکردن:** کاتێک بەکاردێت کە شاعیر بیەوێت پرسیارێکی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕێت بەرامبەر بەو شتانەی کە دەیبیستێت، یان دەیبینێت، بۆ نموونە:

بوو ؟نەئەبوو ؟!
من نازانم باڵای کورت بوو ؟!
وەکوو باڵای
بڕنەوی کورت؟
وەکو (ڕەنجبەر)؟!
وەکو ئارام ؟بەرگی دووەم ل ٢٨٦

**٣-دەربڕینی نارەزایی/ ئیدانەکردن:** کاتێک بەکاردێت کە پرسیارەکە سروشتی نارەزایی هەبێت، بۆ نموونە:

گۆڕی بە کۆمەڵ ئەژمێری؟!
کاروانی ئەنفال ئەژمێری؟!
ئەستێرەی کوژراو ئەژمێری؟! بەرگی چوارەم ل ٧٧٦
یان:چلەتە؟! یان چلەی هەتاوێک؟!
چلەتە؟! یان چلەی تاڤگەو شەتاوێک؟! بەرگی سییەم ل٤٤٢
یان: یەکەم جار سەربکەم
بە چی دا؟
بە تەمدا؟!
بەخوێندا؟!
بە گڵدا؟!
بە کوێدا؟!....بەرگی شەشەم ل ٢١

**٤-زۆری کاریگەری سۆزداری:** ئەو جۆرەیە کە ڕێژەیەکی زیادەی هەست و سۆز بۆ دەقەکە زیاددەکات، بەمەبەستی دروستکردنی کارلێککردن لەنێوان دەق و خوێەردا، بۆ نموونە:

ئەی ئادەمیە بەفرینەکان
لەکوێوە گەشتینە ئەم ئێوارەی سەعیرانە؟!
چ کاروان سەرایەکی درێژە ئەم دوکەڵی سەفەرانە؟!
ئەرێ هیچتان لە بیر نەچووە؟!
دڵۆپە فرمێسکێ
ئخێکی نێو لۆچی تەمێ؟!
خۆزگەیەکە سیس؟!
بارژنی ئاسکێ؟!
قسپەی کەوێ؟!
هیچتان لەبیر نەچووە؟!... بەرگی شەشەم. ل١١٠

شاعیر لەدیوانی( گۆڕستانی چراکان) دا ئەو شانۆ تراژیدیایە دەخاتەڕوو، کە ناساندنی وەک خۆی و بە وشە، ئەرکێکی زۆر قورسە، بۆ پڕکردنەوەی ئەمەش، پرسیار یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان، تاوەکو خوێنەر خۆی وێناکان وێنابکات، بۆیە شاعیر دەیەوێ لەڕێگەی پرسیارەوە گەورەیی کارەساتەکە بناسێنێت، بەوەی کارەساتی ئەنفال یەکێکە لە پڕ ئازارترین تاوانەکان لە جیهانداو گوزارشتکردن لە نەهامەتییەکانی، نە بە وشە نە بە دەربڕین ئەستەمە، بۆیە شاعیر لەڕێگەی ئەم پرسیارو وێنانەوە ئەوە بە خوێنەر دەناسێنێت.

## ئەنجام

1. ڕستەی پرس لەناو دەقەکانی شێرکۆدا بەشێوەیەکی زۆر بڵاو بوونیان هەیە.
2. پرسیار هۆکارە بۆ دەربڕینی خەم و ناخۆشی و ڕەخنەکانی ناخی شاعیر.
3. پرسیار ئامرازێکی مەعریفییە و هیچ زانستێک ناتوانێت لێی دابڕێت.
4. پرسیار هۆکارە بۆ نەوتنی شتەکان بەڕاشکاوی.
5. لای شێرکۆ پرسیار شێوەیەکە لە شێوەکانی قەرەبووکردنەوەی ئەوەی لەدەستچووە، یان وەک بیرهێناوە بەکارهێناوە.
6. شاعیر بەمەبەست ئەم وشەو نیشانە پرسانەی بەکارهێناوە، لەپێناو بەکراوەیی هێشتنەوەی بەشێک لە پرسیارەکان وەک هۆکارێک بۆ خوێندنەوەیان لەلایەن نەوەی داهاتووەوە.
7. هێزی شیعر لە هێزی ئەو پرسیارانەدایە، کە ناسنامەی خۆی دروستبکات.
8. شاعیربەبێ ئەوەی وشەی پرس بەکاربهێنێت، ڕستەی پرسی دروستکردووە، ئەمەش تەنها بەهۆی خوێندنەوەوە دەردەکەوێت.
9. شاعیر لە یاسای بەکارهێنانی وشەی پرس لای داوە.
10. پرسیار ڕۆڵێکی گرنگی لە ناساندن و ئاشکراکردنی ئەزموونی شیعریدا هەیە.

## سەرچاوەکان


### کوردییەکان:

بێکەس، شێرکۆ،(٢٠٠٩)، بەرگی١ ، سوید
بێکەس، شێرکۆ،(٢٠٠٩)، بەرگی٢ ، سوید
بێکەس، شێرکۆ،(٢٠٠٩)، بەرگی٣ ، سوید
بێکەس، شێرکۆ،(٢٠٠٩)، بەرگی٤ ، سوید
بێکەس، شێرکۆ،(٢٠٠٩)، بەرگی٥ ، سوید
بێکەس، شێرکۆ،(٢٠٠٩)، بەرگی٦، سوید
بێکەس، شێرکۆ،(٢٠١٣)، خێراکە مردن خەریکە بگات، سلێمانی، ئەندێشە.
ڕەئوف، پ. ی. د.لوقمان (٢٠٢٣)چەمکی شیعر و چەمکی شاعیر لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا،چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،
هەژار،(١٣٦٩) هەنبانە بۆرینە، تاران، سروش.

### عەرەبییەکان:

الأصفهاني، أبو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب ،(١٤١٢) المفردات في غريب القرآن،دار القلم، الدار الشامية - دمشق بيروت.
بنيس، محمد ،(١٩٨٨) حداثة السؤال، بخصوص الحداثة العربية في الشعرو الثقافة، المركز الثقافي العربي، بيروت،
الرازي، أحمد بن فارس بن زكرياء القزويني (١٩٧٩)، معجم مقاييس اللغة ،المحقق: عبد السلام محمد هارون، دار الفكر،
زيتون، حسن حسين ،(٢٠٠٣ ) تعليم التفكير، رؤية تطبيقية في تنمية العقول، عالم الكتب، مصر، القاهرة
زيدان، محمد مصطفى،(١٩٧٩) مجمع المصطلحات النفسية و التربوية، دار الشروق، جدة،
سارتر ،جان بول ، (١٩٦٦)ت: عبدالرحمن بدوي، الوجود و العدم، بحث في الانطولوجيا الظاهراتيه، منشورات دار آلاداب، بيروت، ط١ .
العسكري، أبي هلال، كتاب الصناعتين(الكتابة والشيعر)، (١٩٥٢)، تحقيق علي محمد البجاوي، و محمد أبو الفضل إبراهيم،ط١.
الفراهيدى، ابى عبدالرحمن الخليل بن احمد ،(١٩٧٩) كتاب العين، تحقيق: د. مهدى المخزومى، د. ابراهيم السامرائى، جزء الرابع، pdf،/7.
القريشى، ابى زيد محمد بن ابى الخطاب ، (١٩٨١)جمهره اشعار العرب في الجاهلية و الإسلام، مكتبه النهضه، مصر
الكفوي، أيوب بن موسى الحسيني القريمي،( د.ت)الكليات معجم في المصطلحات والفروق اللغوية،مؤسسة الرسالة، بيروت.
ماركيز، غابريل غارسيا(١٩٨٤) ، كيف تكتب الروايه؟، الاهالى للطباعه و النشر و التوزيع، دمشق.
الهويدى، زيد، (٢٠٠٥) الاساليب الحديثة في تدريس العلوم، دار الكتاب الجامعي، العين، الامارات العربية المتحدة ٢٠٠٥.

### گۆڤارەکان:

مهره، ا.د.بسام ،(٢٠٠٩)، اسلوب الاستفهام فى مرثيات الياسين، مجلة الجامعة الاسلامية، مجلة١٧، عدد ١، يناير

### وێب سایت:

الحجر، محمد سيد ، تآريخ الشعر :كيف بدآ؟وكيف انتهى؟، (ida2at.com)